کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
24-6-2007 18:33 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

www.p-deren.com

## لە پێشمەرگە دێرینە خۆبەخشەکانی هەندەرانەوە بۆ/ مەلا یاسینی ڕاگری کۆلیژی کوردستان (شەریعە)

سەبارەت بەو نوسراوەت کە لە ڕۆژنامەی ئاسۆ بڵاوتکردۆتەوە و پڕە لە ووشەی زبرو بازاڕی بۆیە تەنها ئەڵێم کەباب بە دەفلسە لای تۆ چونکە سمێڵ تاشینت پێ عەیبەو بە خیانەتی لە قەڵەم ئەدەیت وە سەربۆیاخ کردنت وەك لەکەیەك هێناوەتەوە. کەواتە لێرەدا ئەتوانم بپرسم جەنابت کەتنێکت کردووە وا سمێڵت تاشراوە.
جەنابت ئاوڕێك لە رابردووت و لە سمێڵت و لە خانووە هەرە مۆدێرنەکەی سلێمانی و تەگەران و باخەمۆدێرنەکەی سیتەك و سەروەت و سامانەکەت بدەرەوە و پاشان نوسراوەکەت بخوێنەرەوە ئەوسا بۆت دەرئەکەوێ کە تۆ نەخۆشی دەرونیت هەیە. مەلا یاسین: عەینەکەکەت بگۆڕە و ئەوسا سەیری نوێنەرانی هەندەران بۆ کۆنگرەی کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی بکە کە ئێمە 7 کەسین 24 پارچەو فیشەکمان بەرکەوتووە لە سەنگەرەکانی پێشەوەدا و نەسمێڵمان تاشیوە و نەسەریشمان بۆیاخە لە کاتێکدا کارێکی زۆر زۆر ئاسایی یەو وەك ئیسلامیش (سونەتە) سمێڵ تاشین. وەتا دوا فیشەك کەلە کوردستان تەقیوە بەشداربووین و لە ڕیزی هەرە پێشەوەی سەنگەرەکان دابووین.
ئەی جەنابت چەند فیشەکت تەقاندووە بۆ خۆشیش بێت قەیناکات نەك چەند جار بریندارببوویت. وەیان بڵێین ئەم سەروەت و سامانە زۆرو زەوەندەی کە ئێستا لەسەری پاڵت لێداوەتەوە و لەسەری ئەلەوەڕێی بەری ڕەنجی دوکانەکەتە کە لە زەلێ یان کرێکاریت کردووە بۆیە هەقمە بڵێم مەلا (حەرامە)
نازانم ئەم ڕق و کینەیە لە لەوەڕی گەندەڵی و دەست پیسیت هاتە بەرهەم یان ڕقت لەو وشەیەیە کە لە نوێنەرانی هەندەران داوایان کردووە کە لێتان بپرسن (لە کوێتان هێنا)
مەلا یاسین: لە شۆرشی کوردا بەشداری کام شەرت کردووە یان چەند جار بریندار بوویت وەیان بۆ تەنها جارێك فیشەکت ڕووبەڕوی دوژمنەکەت تەقاندوە؟
ئیتر چۆن زات ئەکەیت بەگژ ئەو پێشمەرگانەی کەبەشی هەرە زۆریان لە سەنگەرەکانی پێشەوەی خەبات دا کەم ئەندام بوون و ئەوانی تریش دوای 1999 بۆ سەرەوە ڕویان لە هەندەران کردووە لە داخی دووانی وەك تۆ. وە ئێستاش بەردەوامن لەخەباتی سیاسی و چەندین جۆر چالاکی پێویست بۆ خزمەتی گەلی کوردستان.
چۆن زاتت کرد ئەو خەتە سورە ببەزێنی و ناوی کۆنگرەو بەشداربوانی بەو شێوەیە نادروستە باس بکەیت و ناوی هەندەران و سۆشیال بەو شێوە دواکەوتوییەی خۆت بەکاربهێنیت. بۆیە زۆر پێویستە بەهەڵەکەی خۆت دا بچیتەوە و بنوسیت مەلا یاسین خەڵەتاوەو داوای لێبوردن بکات و بنوسیت کە مەلا یاسین شایستەی ئەو کۆنگرەیە نەبوەو کە لە ناو (700) کادیرو فەرماندەی ڕۆژانی سەخت و خەبات دا بەشداربێت.

نوێنەرانی لقی هەندەران

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.